# ڕۆژ بوەستێ ئەو ناوەستێ

زاریا شێخانۆڤە
sarya_shexanova@yahoo.de

بەبیرمدێت لەکۆلآنە حەپەساو بێ زمانەکەی ئێمە کچێکی منالٚ هەبوو ناوی شنۆ بوو، بەلآم هەندێ لەژنان بە شنەی چاوبرۆ ڕەشو هەندێکی تر بە شنەی ئاگر بانگیان دەکرد.شنە تەمەنی هەرنۆسالٚ بوو،بەلآم کاری ژنێکی لەسەرشان بوو،کارێکی تاقەتپڕوکێن و نائینسانی ،کەهیچ کاتێک نەیدەهێشت شنە بالآکاو پێ بگا . کاری زۆرو چەوسانەوەو ماندوێتی و بێ خەوی ڕێگایان لەگەشەی سروشتی شنە دەگرت، بۆیە ئێستا شنە، بە شنەی کورتە بالآ ناوبانگی هەیە. ئێمە دراوسێی یەک بووین، هەربۆیە هەمووامان ئاگاداری کەینو بەینی یەک بووین.ڕۆژێک هەموو بەهاوارو قیژەی شنە ڕاچەنین و ڕامان کردە دەرەوەو بزانین چی قەوماوە، بینیمان شنە شەلآلی خوێنە،خوێن لەلوتیەوە فوارەی دەکرد.من وادایکم بەسەردیوارە نزمەکەدا کەحەوشەکانمانی دەکرد بەدوو بەشەوە ،بازماندایە ئەودیوو و شنەیی دەموچاو خوێناویمان لەئامێز گرت.بەشەڵەژاویەوە پرسیمان چی بووە ؟شنە لەبەرگریان و هاوار قسەی پێناکرا،هەرچۆنێ بوو ئارامان کردەوەو سەرمان بەپشتا چەمانەوەو پاشماوەیەک خوێنی لووتی وەستایەوە.ئەمەش تەنها لەسەر ئەوەی کە شنە لەبراکانی هەڵگەڕابووەوە. شنە عادەتێکی هەبوو ، کە لەبراکانی هەڵدەگەڕایەوە، ئەگەر لەسەرکارێک جنێوێکی پێبدرایە ،ئەو یەکسەر جنێوەکەی پێئەدانەوە، ئەگەر مستێکی لێبدرایە ، ئەو مستەکەی لێیان ئەدایەوە، هەربۆیەش هەندێک لەژنان بەشنەی ئاگر ناویان دەبرد.

ئەورۆژە شنە لەلایەن باوکیەوە کوتەک کاری کرابوو،بۆ ئەو کفر بوو کچ لەکوڕ هەڵگەڕێتەوە.سەرەتا باوکی قژە ڕەشو خاوەکەی شنەی لەمست نابوو وەک ئاژەڵ بەدوایی خۆیدا ڕایکێشابوو.پاش ئەوەی تاهیلاک بوبوو بەلەقە ژەنیبووی بەقەبرغەو پشتیاو بەمستیش بەسەرو بەچکیا،ئەوجاش هەرچی جنێوی پیس هەبوو بەشنەی دابوو. شنە وەک مریشکێکی سەربڕاو بەدەوری خۆیدا هەڵدەپلکایەوە .ئەمە یەکەم جار نەبوو کەشنە بەوشێوەیە سەروبەچکی تێک بشکێ، بەڵکو ئەمە دەیانوو سەدان جار بوو کەشنە ئەوها بێ بەزەییانە کوتەککاری کرێ.بەلآم کوتەک کاری ئەمجارەی لەسەرشتێکی زۆر سانا بوو، لەسەر نارەزایەتیەکی زۆربچووک، تەنها لەسەر ئەوەی کە بەبراکانی ووتبوو ،بۆمن خزمەتکاری ئێوەم کە هەموو بەیانیەک دەبێت ئاوبکەم بەسەری ئێوەداو ئاوتان بۆ گەرم کەم، بۆ وەک ئێمە بەئاوی سارد دەمووچاوو سەرتان ناشۆن؟ لەسەر ئەم نارەزایەتیە بچوکە لەگەڵ براکانی لێیان بوبوو بەشەڕە مستوو ،باوکی لێیان بەدەنگ هاتبوو.دیارە باوکی وەک هەمیشە نەک لەسەر شنە بەڵکو لەسەر کوڕەکان دەهاتە دەنگ ،ئەگەر سور سوریش بیزانیایە کە خەتای کوڕەکانیەتی.

ئەوکاتە هەروەک ئێستا کارەبا نەبوو، دەبووایە ژنان کیلۆ مەترێ بەشان ئاو بۆماڵ بکێشنەوە. ژنان و کچان شانو پیلیان دەهاتە خوارەوە تا ئاوی ماڵەوەیان دابین دەکرد. ئەوکاتەش هەروەک ئێستا ئاوی پاک نەبوو بۆخواردنەوەو، پەیداکردنی ئاو لەئەستۆی ژنان بوو. هەندێک جار تراکتۆرێک بەتەنکیەکی گەورەوە بەسەر مالآنی گەڕەکدا ئاوی دابەشدەکرد،ئاو کە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەهەڵسوڕانی کاری کۆیلەیی ژن لەماڵەوە ،هەربەهەمان شێوەش نەبوونی و دابین نەکردنی کێشەو سەرئێشەیەکی زۆری بۆ ئەوان دەنایەوە. هەندێک جار لەسەر پێشبڕکێ ئاو لەناو ژناندا شەڕە تەنەگەو تێکهەڵچوونی سەخت ڕووی ئەدا، شنە دەبوایە شایەدی هەموو ئەم بەدبەختی و ڕۆژە ڕەشیانە بێت .شنەئەوکاتە تەمەنی هەرنۆسالآن دەبوو، بەلآم ئەرکی ژنێکی بەڕێوەدەبرد. من نازانم لەوتەمەنەدا شنۆ چۆن دەیتوانی ئەوتەنەگە ئاوە کەئەوەندە گران بوو هەڵگرێ، چۆن دەیتوانی بەتەنەگەئاوێکەوە ئەوهەموو ڕێ یە بکا! هەندێ جار شانوپیلی شنە بەشێوەیەک لەژێرباری قورسی ئەوتەنەگە ئاوەدا شۆڕدەبووەوە هەرئەوە نەبوو شانوپیلی لێی بێتەوە. سەیر ئەوە بوو، شنە بەوقرچە قرچەی گەرمایە ،بەناوئەوداروبەردەدا بەپێی پەتی ئاوی دەکێشایەوە،ئاخر ئەوکاتەش هەروەک ئێستا ڕێگاوبانەکان قیرڕێژ نەکرابوون

شنەهیچ کاتێک وەختی نەبوو تێکەڵی منالآن بێت، ئەگەرتێکەڵی منالآنیش بوایە ئەوە هیچ یاریەکی نازانی، تەنها ئەوەنەبێ بۆ منالآن هەروەک گەورەسالێک، باسی گەنووگو شۆرینو چێشت لێنانو ئاوکێشانەوەو ناوماڵ پاکردنەوە بکا. منالآنی تریش لەشێوەی شنە کارەکەری ماڵەوەیان دەکرد، بەلآم لەوگەڕەکو بانە کەسێک نەبوو کەوەک شنە بێت. شنە چوونکە تاقە خووشک بوو، دەبوایە خزمەتی حەوت سەرخێزانکا. ئەوەندەی من بەبیرم دێ ئێوارەیەک نەبوو کە شنە بەچاوی فرمێسکەوە نەنوێ ،بەیانیەک نەبوو،کەچاوەکانی نەئاوسێ، باوەڕناکەم ئەو تائێستاش جارێک تێرخەوبوو بێ. لەگەڵ شیرەی شەبەقدا دەبوایە شنە تەنووری بۆ دایکی دابخستایەو گونکی بۆ ببرێتەوەو، لەوەختی خۆیدا نانوچای بۆ هەشت نۆ سەرکەس ئامادەکاو ئەگەر نانو چایەکە کەمێک ساردبوایەتەوە،ئەوە ئەو یەک دوو جنێوی هەر بەردەکەوت. قاچپەو دەڵەقۆڕ ،دوجنێو بوون کە لەلایەن براکانیەوە هەمیشە هەواڵەی شنە دەکرا.ناودەسی شنە هەمووی تایت و سابوون بردبووی، ئەوەندە بەدەسی ڕووت بەشەوڕۆژ قاپو قاچاغ بشوا.شنە ناوماڵی گسک

ئەدا،بەشانوپیل ئاوی دەكێشایەوە،ئێواران جێگای بۆهەموان ڕائەخست، ئاوی دەكرد بەدسی هەمواندا، تەنانەت ئەگەرباوكی دەسنوێژی هەڵبگرتایە ، ئەوە دەبوایە شنە وەک بەلوعە بە مەسینەیەكەوە ئاوی بكردایە بەدەسیا.

بەدبەختیەكی تری شنە ئەوەبوو، كە زۆربەی جاران مناڵێكی بچووكی بەشانەوەبوو،مناڵێک كەدەبوایە شنە لووتی بسڕێتەوەو ،پیسایەكانی پاك كاتەوەو ، لەكاتی گریاندا هێوری كاتەوەو لەكاتی خەوتنیشدا هەندێک جار بۆ ماوەیەكی زۆر ڕایژەنێ. شنە دایكێكی نەخۆشو داماوی هەبوو



كەهەندێک جار بەمانگ ناوجێگا دەكەوت ، جائەوكاتە ژیان سەد دەر سەد لەو بەدبەختە حەرام دەبوو، هەرچی كار هەبوو دەبوایە ئەوڕاپەڕێنێ، سەرباری هەموو ئەمانەش ئەوجا شنە هەفتەی جارێک یادووجار هەندێک قژڕاكێشانی هەربەر دەكەوت. هەندێک جار بەخۆم دەگووت، ئەم بەستەزمانە چۆن دەتوانێ بەرگەی ئەم هەموو ڕاكەڕاكەیە بگرێ ، ئاخر ئەو هەمیشە بەناومالوحەوشەدا كلیلەی بوو، تەنها ساتێكیش وەستانی بۆ نەبوو، زۆر جار بەسایی شنەوە منالانی ترجنێویان پێدەدرا، ئەگەر لەماڵەوە توانای ڕاپەڕینی كارێكیان نەبوایە دەیانقیڕان بەسەریاندا ، دەک داوەشێن ، دەک دارزێن ،بەشنە نابن ، هەرهێندەی بنچكە گیایەكەو كاری ماڵێک بەڕێوە دەبات. هەندێک جار شنە بەدەس كاری زۆرەوە دەسی دەكردە گریان ، هەزارویەک دوعای لەبراكانی دەكرد، گلەیی لەبەختی خۆی دەكردوو ،دەڕۆیی لە چێشتخانەكە تاوێكی چاک پڕ بەدڵ دەگریا، بەلام ئەگەر براكانی بەئاستەم تۆشی ئازارو سەرئێشەک بوونایە ،ئەوە ئیتر ڕۆژی سەدویەكجار بەقوربانو سەدەقەیان دەبوو. نەک هەر ئەوەش تا ناولەپی سوردەبونەوە قۆڵنجی براكانی دەشێلا.

شنە هەمیشە پێی پەتی بوو،بۆیە پێستی ژێرپای بەشێوەیەک مردبوو ،كەئەگەر شوشەو دڕكو بەردی نوک تیژیشی لێ بچەقیایە ژانی پێ ناگەیشت. هەندێكجار پێستی ژێر پێی قلێشی دەبردوو دەبووایە بەچەقۆیەک ئەو پێستە مردووەی كەمێک تەنک كردایەتەوە. هەموو كەسێک شنەی خۆشدەویشت ،نەک لەسەرئەساسی هاودەردی و خەمخۆری پێی ، بەڵكو لەبەر ئەوەی شنە بەومناڵیە كاری ماڵێكی ڕائەپەڕان،ماڵێكی بەخێو دەكرد، لەبەر ئەوەی شنە بەقسە كەروو گوێ ڕایەڵبوو. هەندێک جارشنە دەهاتە بەردەرگای حەوشەو نەختێک لەدنیای دەرەوەی دەڕوانی ، بەلام بێ ئەوەی كەس پێی بلێ ،هەربۆخۆیی دەهاتەژوورەوە، وەک ئەوەی هیچ جیاوازیەک لەبەینی ئەودوو دنیایە شک نەبا. من نازانم شنە چ ڕۆژێک منداڵ بووە، ئەوەندەی من بەبیرم دێت چاوەكانی شنە هەمیشە پڕ لەفرمێسک بوون.

پێنج شەش ساڵ لەمەوپێش دایكی شنە مرد، شنە قوڕی دنیای بۆ دایكی پێوا ،قژی بەسەر خۆیەوە نەهێشت، بەلام هەرساڵێک دوایی مردنی دایكی، باوكی شنە ،شنەی بۆ خۆی دابەژنوو ژن بەژنێی پێكرد . شنە بەم شێوەیە ژیا ،بەمنداڵی خزمەتكارو كارەكەری ماڵەوەبوو ،بەمناڵی شووی بۆ باوكی كرد ، هەربەمناڵیش منداڵێكی بوو ، بۆیە ئێشتاش هەروەک جاران منداڵیكی بەكۆڵەوەیە . ئێستاش لەهەر ناسیاوێک بپرسی شنە چۆنە؟ وڵام دەدەنەوە، شنە..! ماشەڵا هەر دەڵێی ئاگرە، ماڵێک بەڕێوە دەبا ، باوڕكەن، ڕۆژ بوەستێ ئەو ناوەستێ.

٢٠٠٧/٩/١